# بنەماو سودەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە

ئاوارە حسێن ئەحمەد[١]، زانا ڕەفیق سەعید[٢]
[١] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و کارگێڕی، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی جیهان، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: Awara.ahmad@uoh.edu.iq

## پوختە

دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی (لێرەوە دادگا) دەزگایەکی دادوەریی هەمیشەییە و دەسەڵاتی دادوەریی هەیە بۆ دادگایکردنی کەسانی سروشتی کە بەرپرسن لە ئەو تاوانە مەترسیدارانەی کە پەیوەندییان بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە هەیە، و لە پەیڕەوە بنەڕەتییەکەی دادگادا هاتووە (لێرەوە پەیرەوی بنەڕەتی)، ئەو تاوانانەش بریتین لە جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاریی. پەیرەوی بنەڕەتی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دادگا دەبێت تەواوکاریی دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکان بێت، دادگا دەیەوێت تەواوکاریی سیستەمە دادوەرییە نیشتیمانییەکان بێت نەک شوێنگرەوەیان، لەم ڕوانگەیەوە بەبیری دەهێنێتەوە کە ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە داوەرییە تاوانکارییەکەی بەسەر ئەوانەی کە بەرپرسن لە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا. تەواوکاریی بە مانای داخستن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دێت کە لە ئەرکی دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە. پرەنسیپی تەواوکاریی تەنها کاتێک ڕێگا بە دادگا دەدات بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوان و تۆمەتباران، کە دەوڵەتی پەیوەندیدار ئارەزووی نەبێت یان توانای نەبێت لیکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە ئەنجامبدات. گرنگترین و سەرەکیترین سود و پاساوەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی جەختکردنەوەیە لەوەی کەو ئەو تاوانە مەترسیدارانەی کە پەیوەندیدارن بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بەبێ سزا تێنەپەڕن. پێواژووی دادگایکردن لەسەر ئاستی نیشتیمانیی بەگشتی سودی زیاترە وەک لەوەی لەبەردەم دادگادا بەڕێووەبچێت، چونکە دەبێتەهۆی ئاسان دەستڕاگەشتن بە بەڵگەکان و گەواهیدەرەکان و هەروەها بەشداریکردنی قوربانیان و گەواهیدەرەکانیش لە قۆناغی دادگایکردن گرفتی کەمترە بە بەراورد بە دادگا، هەروەها پرەنسیپی تەواوکاری سەروەریی نیشتیمانی دەپارێزێت و لە هەمانکاتدا ئەرکی دەوڵەتان زیاتر دەکات.

**کلیلی وشەکان: پرەنسیپی تەواوکاریی، دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانیی، دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانیی.**



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١٢/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٢/١١ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Awara.ahmad@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ م. ی. ئاوارەحسێن ئەحمەد،پ.ی.د.زانا ڕەفیق سەعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |




(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ملخص

المحكمة الجنائية الدولية مؤسسة قضائية دائمية و لها إختصاص قضائي لمحاكمة الأشخاص الطبيعية المسؤولة عن الجرائم الخطيرة المتعلقة بالمجتمع الدولي عموماً والتي هي موجودة في نظامها الأساسي المتمثلة بجريمة الإبادة الجماعية (جينوسايد)، جرائم ضد الإنسانية، جرائم الحرب، و جريمة العدوان. إن النظام الأساسي يتأكد على أن للمحكمة إختصاص تكاملي للسلطات القضائية الجنائية الوطنية و ليست بديلة عنها، من هذا المنطلق نذكر بأن هناك واجب لكل دولة للقيام بفرض سلطاتها القضائية على المسؤولين عن إرتكاب الجرائم الدولية. التكامل يعني إغلاق و ملء الثغرة الموجودة في وظيفة محاكمة المتهمين بالجرائم الدولية، و إن مبدأ التكامل يعطي الصلاحية للتحقيق في الجرائم و محاكمة المتهمين في حالة واحدة فقط, و هي حالة عندما كان الدولة المعنية ليست لديها رغبة أو قدرة للقيام بالتحقيق و المحاكمة الحقيقية. و إن من أهم مميزات و مبررات إتباع المبدأ التكامل هي التأكيد بأن الجرائم الخطيرة المتعلقة بالمجتمع الدولي عموماً يجب أن لا تمر بدون عقوبة، و إن مرحلة و كيفية المحاكمة على الصعيد الوطني بصورة عامة لها مميزات أكثر من إجراء محاكمة أمام محكمة دولية لأنه يؤدي إلى سهولة الوصول بالدلائل و الشواهد، إضافةً إلى سهولة مشاركة الضحايا و الشواهد في مرحلة المحاكمة مقارنةً بالمحكمة الجنائية الدولية، و إن المبدأ المذكور يحمي في نفس الوقت السيادة الوطنية.

## Abstract

International criminal court (ICC) It shall be a permanent institution and shall have the power to exercise its jurisdiction over natural persons for the most serious crimes of international concern, as referred to in its Statute (ICC statute), such as Genocide, crimes against humanity, war crimes and crime of aggression. ICC statute emphasizing that the ICC shall be complementary to national criminal jurisdictions, ICC wants to complement national judicial system not replace them, in this sense it recalling that it is the duty of every State to exercise its criminal jurisdiction over those responsible for international crimes. Complementarity is meant to close gaps in the task of prosecuting perpetrators of international crimes. The principle of complementarity only allows the court to investigate and prosecute crimes and perpetrators, where the concerned state is unwilling or unable genuinely to carry out the investigation or prosecution. The important and main advantages and rationales behind the principle of complementarity are affirming that the most serious crimes of concern to the international community as a whole must not go unpunished. Prosecutions at the domestic level are generally preferred to perform before the ICC because as it generally favours a better access to evidence and testimony and tends to favour the participation to the trial of victims and witnesses and complementarity protects national sovereignty and at the same time promotes state action.

## پێشەکی

دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی وەک یەکەمین دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی هەمیشەیی سەربەخۆ لە ساڵی ١٩٩٨دا دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٠٢ وە ڕۆشتوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە مانایەکی تر کارەکانی دەستپێکردووە. دادگا بە پەیڕەوکردنی پرەسنیپی تەواوکاریی بە تەواوەتی دانینانەوە بە سیستەمی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانیدا و ڕێگای داوە دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان وەک دەسەڵاتی دادوەریی یەکەم و پێشینە هەستن بە لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا و دادگایکردنی تۆمەتباران. گەر هاتوو دادگای تاوانکاری نیشتیمانی بە ئەرکەکەی هەڵنەستا بە گرتنەبەری لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە ئەوا دادگا دەسەڵاتی دادوەریی وەردەگرێت و پێواژووی دادبینییەکە تەواودەکات، ئەم ڕێگا و دەسەڵاتپێدانەش سەرەڕای ئەوەی کە هاندانێکە بۆ دەسەڵاتە دادوەرییە نیشتیمانییەکان بە هەستان بە ئەرکی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن، گرنگترین بنەماشە بۆ گەشەپێدانی دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانیی و ڕێزگرتن لە سەروەریی نیشتیمانی لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریدا. دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدەگرن بۆ سەرکوتکردنی پێشێلکردنی یاسای تاوانکاریی و پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، پێشینەیی دەسەڵاتی دادوەریان تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی سەروەرییە.

گەر پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا بەوە بناسێنین کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەریی لەنێوان دادگا و دادگا نیشتیمانییەکاندا، ئەوا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکاندا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە و باڵایی بۆ دادگا نیشتیمانییەکانە. جێگیرکردنی پرنسیپی تەواوکاریی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا یەکێکە لە دەستکەوتەکانی دادگا کە لە دادگاکانی تردا بوونی نەبووە. دادگا بە جێگیرکردن و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی خۆی وەک دادگایی دواین پەناگە ناساندووە، دواین دادگایە کە پەنای بۆ دەبرێت، بەم پرەنسیپەش دەرفەتی یاسایی پێشینەی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان وەک یەکەم دادگا کە هەستن بە پێواژووەکانی دادبینی. چونکە ئەم دادگا دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتییە و تایبەتمەندی بەردەوامیی و هەمیشەیی هەیە، نەک کاتی بێت، بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتییە نەک دەوڵەتێک یان کیشوەرێکی دیاریکراو.

## ئامانجی توێژینەوەکە

گرنگترین ئەو ئامانجەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدەستیبهێنێت، بریتیە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- ڕونکردنەوەو تێگەیشتن لە پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا، بنەمایی یاسایی پرەنسیپەکە و پوختەی یاسایی پرەنسیپەکە.

٢- شیکردنەوەی پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتی و ئەو بڕگەو ماددانەی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا کە تایبەتن بە پرەنسیپی تەواوکاریی.

٣- خستنەڕووی سود و پاساوەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگاوە.

## پرسیاری توێژینەوەکە

گرنگترین ئەو پرسیارانەی کە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی گونجاویان بداتەوە بریتییە لەم پرسیارانەی خوارەوە:

١- پرەنسیپی تەواوکاریی چییە؟ لە چییەوە سەرچاوە و بنەمای گرتووە؟ بۆچی دادگا ئەم پرەنسیپەی جێگیرکردووە و پەیڕەوی دەکات؟

٢- پرەنسیپی تەواوکاریی دادگای کردووە بە دادگای دواین پەناگە، لە چی کاتێکدا دادگا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە وەردەگرێت و پێواژووەکانی دادوەریی نیشتیمانی تەواو دەکات؟

٣- سودەکان و پاساوەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی چییە؟

٤- پرەنسیپی تەواوکاریی چی ڕاژەیەکی کردووە بە پرسی دادپەروەریی تاوانکاریی لەسەر هەردوو ئاستی نێودەوڵەتی و نیشتیمانی؟

گریمانەی توێژینەوەکە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

سەبارەت بە گریمانەی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەیەدا دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە ئەگەر پرەنسیپی تەواوکاریی پێناسەیەکی تایبەت، دیاریکراو ڕوونی بۆ بکرێت و کاتێکی دیاریکراو لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا بۆ دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی جێگیربکرێت سەبارەت بە ئارەزوو نەبوون یان توانا نەبوون بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، ئەوا دادگا باشتر لە ئێستا دەتوانێت کارەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت و گەشە بە پرسی دادپەروەریی تاوانکاریی بدات.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێوازێکی سەرەکی یەک میتۆدی زانستیمان بەکارهێناوە، ئەویش بریتییە لە میتۆدی شیکاری یاسایی، بۆ شیکردنەوەی برگەکانی تایبەت بە پرەنسیپی تەواوکاریی لە پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتی، ئەو برگەو ماددانەی پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا کە بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی تەرخانکراون، هەروەها هەر ڕێککەوتننامە و پەیڕەوی بنەڕەتی هەر دادگایەکی تر و بڕیارەکانی دادگا کە ئاماژەی بە پرەنسیپی تەواوکاریی کردووە.

## پلانی توێژینەوە

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکەمان بە باشمان زانیوە کە بابەتی توێژینەوەکەمان بەشێوازێکی پلەبەندی دابەش بکەین بۆ سەر دوو تەوەری سەرەکی، لە تەوەری یەکەمدا لەبارەی پرەنسیپی تەواوکاریی، بنەمای یاسایی پرەنسیپەکە و پوختەی پرەنسیپی تەواوکارییەوە دەکۆڵینەوە. وە لە تەوەری دووەمیشدا شیکردنەوەیەک دەکەین بۆ ئەو پاساوانەی کە وایکردووە دادگا پەیڕەوی پرەنسیپی تەواوکاریی بکات، هەروەها ئەو سودە یاساییانەی کە لە پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکەوە بەدەستیدەهێنین. پاشان توێژینەوەکە بە ئامانج و پێشنیاری پێویست کۆتایی پێدەهێنین.

## تەوەری یەکەم: پرەنسیپی تەواوکاریی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی

لەم تەوەرەدا لەبارەی پرەنسیپی تەواوکاری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی دەکۆڵینەوە، و دابەشی دەکەین بۆ سەر دوو لق، لە لقی یەکەمیاندا مەبەست لە پرەنسیپی تەواوکاریی و بنەمای یاسایی پرەنسیپەکە دەخەینەڕوو، و لە لقی دووەمیشدا پوختەی پرەنسیپی تەواوکاریی دەخەینەڕوو.

### لقی یەکەم: مەبەست لە پرەنسیپی تەواوکاریی و بنەمای یاسایی پرەنسیپەکە

### یەکەم: مەبەست لە پرەنسیپی تەواوکاریی

تەواوکاریی بریتییە لەو دۆخەی کە دوو یان زیاتر لە شتێک گەشەدەدەن یان جەخت دەکەنەوە لە جۆرێتی و تەواوکردنی یەکتری. لە هەقیقەتدا تەواوکاریی بریتییە لە چارەسەرکردنی هەر کەموکوڕییەک کە لە ئەرکی دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا هەبێت، هەرچەندە، زۆر زیاترە لە تەنها لابردنی کەموکورتییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی، بەگوێرەی پەیڕەوی بنەڕەتی پرەنسیپی تەواوکاری مافی پێشینەیی دەبەخشێت بە دادگا نیشتیمانییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانیان بەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەو پێشینەییەی کە دراوە بە دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان لە ڕاستینەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی هاوچەرخەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دەوڵەتان ئەرکیان لە ئەستۆیە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. تەنها کاتێک شکست دەهێنن لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەوا دادگا هەنگاوی چارەسەریی کەموکورتییەکان دەگرێتەبەر(Lomedemhe, 2017, 21, 22).

پەیرەوی بنەڕەتی پێناسەیەکی دیاریکراو، و تایبەتی بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی نەکردووە، بەڵام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەم دادگایە دەبێت تەواکاری دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکان بێت. چەمکی تەواوکاریی دەتوانرێت پەسنبکرێت وەک تایبەتمەندییە پێوەرییەکانی پەسنکردنی تەواوکاریی پەیوەندی نێوان دادگا و دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان، وە دەتوانین پرەنسیپی تەواوکاریی بەوە پێناسە بکەین ‹‹کە پرەنسیپێکی فەرمانییە ئامانجی بەخشینی دەسەڵاتی دادوەرییە بە دەسەڵاتە لاوەکییەکان کاتێک کە دەسەڵاتی سەرەکی نەیەوێت دەسەڵاتی دادوەریی خۆی وەک دەسەڵاتی پێشینە پەیرەوبکات››(Owuor, ٢٠١٧, ٦٣). پرەنسیپی تەواوکاریی کارەکانی دادگا بەڕێوەدەبات. ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە دەسەڵاتی پێشینە جیهێڵراوە بۆ سیستەمە نیشتیمانییەکان، دەسەڵاتی پێشینەی دادگا نیشتیمانییەکان بەگوێرەی پرەنسیپی تەواوکاریی بەمانای ئەوە نایەت کە دادگا نیشتیمانییەکان ملکەچی دادگابن، لەبەرئەوەی کە دادگا سەرپشکە لە بڕیاردان کە دەسەڵاتە دادوەرییەکانی پەیڕەودەکات یاخود نا(Ibid). پرەنسیپی تەواوکاریی یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە بنەڕەتییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی دادگا، پرەنسیپەکە تەنها کاتێک ڕێگەدەدات بە دادگا هەستێت بە دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان گەر دادگای نیشتیمانی ئارەزوی نەبێت یان توانای نەبێت (ICC statute, ١٩٩٨, ١٧)دەتوانین بڵێن کە پرەنسیپی تەواوکاریی  بەشی هەرە گرنگی پەیرەوی بنەڕەتی ڕۆمایە. کاتێک کە دەسەڵاتی دادوەریی وەک دەسەڵاتێکی هاریکار دەچەسپێنێت، بەوەش مۆدێلە نێودەوڵەتییەکانی پێشووی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی جێهێشتووە، لە جەختکردنەوە بە پەسەندکردنی پەیرەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی بەسەر تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا(Rastan, ٢٠٠٦, ١٣٩).  ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە دادگا نیشتیمانییەکان بەرپرسیارێتی پێشینەی خۆیان دەپارێزن لە هەستان بە لێکۆڵینەوەکردن لەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگان (تاوانەکانی جینۆساید، دژ بە مرۆڤایەتی، جەنگ و دوژمنکاریی ئەو تاوانانەن کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادان) و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکان، تاوەکو پێواژووی دادبینیەکە بە خێرایی، دادپەروەرانە و ڕاستەقینە بەڕێوەبچێت ئەوا مافی دادگاییکردن هەر لای دادگا نیشتیمانییەکان دەمێنێتەوە و دادگا دەسەڵاتی دادوەریی ئەوەی نییە لێکۆڵینەوە لە هیچ تاوان و تۆمەتبارێکی دەوڵەتانی ئەندام بکات.

لە ڕەهەندێکی جیاوازەوە پرەنسیپی تەواوکاریی وا لێکدەدرێتەوە کە بەرهەمی چارەسەرییەکە لەنێوان دەسەڵاتی دادوەریی جیهانی و پاراستنی سەروەریی دەوڵەتان. پرەنسیپی دەسەڵاتی دادوەریی جیهانی بە مانای ئەوەدێت کە دادگای نیشتیمانی دەسەڵاتی دادوەریی هەیە بۆ دادگایکردنی هەر تۆمەتبارێک کە تاوانە مەترسیدارەکانی دژی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجامدابێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە چی شوێنێک تاوانەکە ئەنجامدراوە، ئەو بیرۆکەیەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەو تاوانانە زیاندەدەن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. ئەو بیرۆکەیەش وا دەردەکەوێت کە زیادەڕەویکردنێکە لە مافە بۆماوەییەکانی سەروەریی دەوڵەت بۆ ئەو هەرێمەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە(Owuor, ٢٠١٧, ٦٥) . پرەنسیپی تەواوکاریی هەموو ئەو چالاکی و کردارانە دەگرێتەوە کە دەبێتەهۆی توانابەخشین و بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی لە پرسی دادگایکردن و لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی لیستی پەیرەوی بنەڕەتی(Hunter, ٢٠١٤, ٢٥). دادگا نیشتیمانییەکان دەتوانن داوای هاوکاریی لە دادگا بکەن کاتێک کە دەیانەوێت دەستبکەن بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردن سەبارەت بەو تاوانانەی کە دەچنە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگاوە هەروەها ئەو تاوانە مەترسیدارانەی تریش کە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتییان هەیە بەگوێرەی یاسای ئەو دەوڵەتەی کە داوای هاوکارییەکەی کردووە ICC statute, ١٩٩٨, ٩٣)). ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە دادگا نیشتیمانییەکان دەسەڵاتی دادوەرییان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی ئەو تاوان و تۆمەتبارانەی کە هەریەک لەو تاوانانەی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگایان ئەنجامدابێت و هەروەها دەسەڵاتی دادوەرییان هەیە بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی ئەو تاوانانەی کە تەنانەت لە لیستی تاوانەکانی دادگادا نین بەڵام بەگوێرەی یاسای دەوڵەتەکە تاوانن و تاوانەکەش ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەیەو لە تاوانە مەترسیدارەکانن.

## دووەم: بنەما و چوارچێوەی یاسایی پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا

بنەما و چوارچێوەی یاسایی پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا سەرچاوەی گرتووە لە برگەی دەیەمی پێشەکی پەیرەوی بنەڕەتی و ماددەکانی ١، ١٧، ١٨، ١٩ و ٥٣ی پەیرەوی بنەڕەتی.

دادگا لە پێشەکی پەیرەوە بنەڕەتییەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە دادگا تەواوکاریی دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکانە(ICC statute preamble, 1998, 10) . دادگا دەیەوێت ببێت بە تەواوکەری دادگا نیشتیمانییەکان نەک شوێنگرەوەیان، هەربۆیە جەخت دەکاتەوە کە ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی لەسەر ئەوانەی بەرپرسن لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان(Ibid, ٦). وە هەروەها ماددەی یەکەمی پەیڕەوی بنەڕەتی بۆ ئەو پرەنسیپە تەرخانکراوە و دانیناوە بەوەی کە دادگا دامەزراوە وەک دامەزراوەیەکی هەمیشەیی و دەسەڵاتی هەیە کە هەستێت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی بەسەر ئەوکەسانەی کە بەرپرسن لە مەترسیدارترین ئەو تاوانانەی کە پەیوەستن بە جیهانەوە و لە پەیرەوی بنەڕەتیدا هاتوون، وە پێویستە دادگاکە تەواوکاریی دەسەڵاتە دادوەرییە تاوانکارییە نیشتیمانییەکان بێت(ICC statute, 1998, 1). کەواتە دەتوانین بڵێین چوارچێوەی یاسایی دەسەڵاتی دادوەریی دادگا نیشتیمانییەکان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەناو دەوڵەتەکانیاندا وەک دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە و پێش دادگا لە پەیرەوی بنەڕەتییەوە سەرچاوەدەگرێت و دادگا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە و باڵایی نییە بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا مەگەر ئەوەی کە لە خالی ئەلیف برگیە یەکەمی ماددەی ١٧ی پەیرەوی بنەڕەتید ئاماژەی بۆ کردووە دادگا نیشتیمانییەکان ئارەزوویان نەبێت یان توانایان نەبێت کە هەستن بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە(Ibid, 17).

وە ماددەی ١٨ی پەیڕەوی بنەڕەتی پرەنسیپی تەواوکاری بەهێز دەکات کاتێک ئاماژەی بە سیستەمی ئاگادرکردنەوەی دەوڵەتان کردووە لە نیەتی داواکاری گشتی بۆ لێکۆڵینەوە. ئەمەش مۆڵەت دەداتە دەوڵەتان کە دەسەڵاتی دادوەریان هەیە بۆ ئەوەی جەخت بکەنەوە لەو مافەی کە هەیانە بۆ لێکۆڵینەوە یان دادگایکردن لەسەر ئاستی دادگا نیشتیمانییەکانیان.

وە زیاد لەوانەش دەتوانین بڵێین کە ماددەی ٢٠ی پەیرەوی بنەڕەتیش پەیوەندییەکی نزیکی بە پرەنسیپی تەواوکارییەوە هەیە بە ڕێگریکردن لە دادگا لەوەی کە جەخت لە دەسەڵاتە دادوەرییەکانی بکاتەوە کاتێک سیستەمە یاساییە نیشتیمانییە تایبەتمەندەکان لە پێشتردا دەسەڵاتە دادوەرییەکانیان بەکارهێناوە و تۆمەتبارەکەیان دادگایکردووە. بەدەر لەو پێواژووە دادوەرییە ساختانە کە تۆمەتبار دەپارێزێت لە دادپەروەریی(Ibid, 20). بە بۆچونی ئێمە پرەنسیپی تەواوکاریی بنیادنراوە نەک تەنها لەسەر باڵایی و پێشینەیی دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانی، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دادگا نیشتیمانییەکان باشترین بۆ دەستڕاگەیشتن بە بەڵگە، گەواهیدەرەکان و هەروەها کەمی خەرجییەکانی لێکۆڵینەوە و ئامرازەکانی تری دادبینی بە بەراورد بە دادگا. هەربۆیە لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەتوانین پرەنسیپی تەواکاریی بەوە پەسنبکەین کە دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکارییە لەنێوان دادگا و دادگا نیشتیمانییەکاندا کە دادگا نیشتیمانییەکان مافی پێشینەیان هەیە.

بەگوێرەی ماددەی ٢١ برگەی سێیەمی پەیڕەوی بنەڕەتی، ئەو پرەنسیپە گشتییانەی یاسا کە لەلایەن دادگا و سیستەمی یاسایی و یاسای نیشتیمانییەوە سەرچاوەی گرتووە، دادگا بەیەکێک لە سەرچاوەکانی خۆی دەزانێت(Ibid, 21). ئەمەش گرنگترین بنەمای دانپێدانانە بە گەشەپێدانی دادپەروەریی تاوانکاری نیشتیمانیی بە کردنەوەی دەرگای یاسایی بۆ سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی کە بە ئەرکی ڕاستەقینەی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی خۆیان هەستن و بڕیارەکانیشیان نەک کارپێکراوەدەبن بەڵکو سەرچاوەشن. هەربۆیە پرەنسیپی تەواوکاریی، دادگای کردووە بە دادگای دواین پەناگە، دواین سیستەمی دادوەریی کە پەنای بۆ ببرێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دادگا هەر کەیسێک ڕەتدەکاتەوە کە لەلایەن داواکاری گشتییەوە دەخرێتە بەردەمی ئەگەر هاتوو دادگای نیشتیمانی دەستیکردبوو بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردن

تێیدا، یان تۆمەتبارێک پێشتر دادگایی کرابوو(Rastan, 2006, 164). ئەوا لەم کاتەدا دادگا ناتوانێت لەو تاوانەدا لێکۆڵینەوە بکات تا دەرچوونی بڕیاری کۆتایی دادگای نیشتیمانی و هەروەها ناتوانێت دادگایی ئەو تۆمەتبارە بکاتەوە کە پێشتر دادگایی کراوە، مەگەر ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانەکەو دادگایکردنی تۆمەتبارەکە ڕاستەقینە نەبوبێت. گەر بۆ دادگا دەرکەوت کە پرۆسەی دادبینییەکە ڕاستەقینە نەبووە ئەوا ئیتر لەو حاڵەتەدا دەسەڵاتی دادوەریی دادگا نیشتیمانییەکان کۆتایی دێت و دەسەڵاتی دادوەریی دادگا وەک دواین پەناگە دەستپێدەکات.

## لقی دووەم: پوختەی پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا

شیکردنەوەیەکی یاسایی پرەنسیپی تەواوکاریی پێویستە بۆ ئەوەی لە بنەماکانی کارکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگا تێبگەین. لەم لقەدا دەمانەوێت شیکاریی پێکهاتە بنەڕەتییەکانی پرەنسیپی تەواوکاریی بکەین. ئەم شیکارییە دەبێتەهۆی ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان دادگا و سیستەمە دادوەرییە نیشتیمانییەکان و هاوکارمان دەبێت بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری دادگا لەسەر سیستەمە دادوەرییە نیشتیمانییەکان و لێکۆڵینەوەکردن و دادگایکردنی تاوان و تۆمەتبارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی یاسای نیشتیمانی.

پرەنسیپی تەواوکاری لە دانوستاندنە سەرەتاییەکانی پێکهێنانی دادگادا سەریهەڵدا و ڕاژەیکرد بە هەستیاریی هاوسەنگی نێوان پێشبڕکێی بەرژەوەندییەکانی سەروەریی دەوڵەت، سەربەخۆیی دادوەریی و بەرپرسیارێتی بۆ پێشێلکارییە گەورەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی. وە لە ماوەی کۆنفرانسی ڕۆما، ئەم کێشەیە هەستیارییەکی سیاسی و ئاڵۆزییەکی یاسایی هەبوو، هەندێ دەوڵەت ئامادە نەبوون بە پەسەندکردنی باڵایی دادگا بەسەر دەسەڵاتە دادوەرییە نیشتیمانییەکانیاندا. پەیڕەوی بنەڕەتی دانیناوە بە بەرپرسیارێتی سەرەتایی و پێشینەی دەوڵەتان بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان؛ دادگا تەنها کاتێک دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دەستپێدەکات کە سیستەمی یاسایی نیشتیمانی شکست بهێنێت وەکو ئارەزوو نەبون و توانا نەبوون لە بەڕێوەچوونی پێواژوویەکی دادوەریی ڕاستەقینە(Jurdi, ٢٠١٦, ٣٣). دەسەڵاتی دادوەریی دادگا کە لەسەر پرەنسیپی تەواوکاریی بنیادنراوە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات کە دەسەڵاتی دادوەریيان وەکو دەسەڵاتی پێشینە بپارێزن و تۆمەتباران لەسەر ئاستی ناوخۆیی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ تاوانەکانیان و توانا و ئارەزویان بەکاربهێنن بۆ دادگایکردنی تۆمەتباران(Bellelli, 2016, 241).

‹‹ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی خۆی لەسەر ئەوانەی کە بەرپرسیارێتی تاوانە نێودەوڵەتییەکانیان لە ئەستۆیە››(ICC statute preamble, 1998, 6). ئەمە پرەنسیپێکی یاسایی نێودەوڵەتییە کە لە پێشەکی ڕێسای بنەڕەتی دادگادا ڕەنگیداوەتەوە، کاتێک دەوڵەتان شکست دەهێنن لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە ئەوا دادگا هەڵدەستێت بە دەستپێکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی بۆ دڵنیایدان کە نابێت هیچ بۆشاییەک هەبێت بۆ پارێزبەندی. بەڵام گەر دەوڵەتی پەیوەندیدار بە نیازپاکییەوە هەستابوو بە پێواژووەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن ئەوا دادگا پێواژووەکانی دادوەریی دەستپێناکات.

ماددەی ١٧ ی پەیڕەوی بنەڕەتی یەکێکە لەو ماددانەی کە تەرخانکراوە بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی و مافی وەرگرتنی کەیسەکان لەلایەن دادگاوە کە پایەی سەرەکی پەیڕەوی بنەڕەتییە، لێرەدا هەوڵدەدەین لەسەر ئەوە بوەستین کە چی کاتێک دادگای نیشتیمانی دەسەڵاتی دادوەریی لەسەر تاوانەکان هەیەو چی کاتێک دادگا دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دەستپێدەکات و کارەکانی دادگای نیشتیمانی تەواو دەکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## یەکەم: بڕگەی یەکەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی، وەرنەگرتن

بڕگەی یەکەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بەگوێرەی بڕگەی دەیەمی پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتی و ماددەی یەک، کە بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی تەرخانکراون لەم حاڵەتانەدا دادگا بڕیاردەدات کە مافی وەرگرتن یان بینینی کەیسەکانی نییە، ئەوانیش بریتین لە:

(١) کەیسەکە لێکۆڵینەوە یان دادگایی تێدا کراوە لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتی دادوەریی بەسەریدا هەیە، مەگەر ئەوەی کە دەوڵەتەکە ئارەزوی نەبێت یان توانای نەبێت لە هەستانی بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردنێکی ڕاستەقینە؛

(٢) کەیسەکە لێکۆڵینەوەی تێداکراوە لەلایەن ئەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتی دادوەریی بەسەریدا هەیە و دەوڵەتەکە بڕیاریداوە کە کەسی پەیوەندیدار دادگایی نەکات، مەگەر ئەوەی بڕیارەکە لە ئەنجامی ئارەزوونەبوون یان توانانەبوونی دەوڵەتەکەبێت بۆ دادگایردنێکی ڕاستەقینە؛

(٣) کەسە پەیوەندیدارەکە پێشتر دادگایی کراوە بۆ ئەو کردارەی کە پێی تۆمەتبارکرابوو، وە دادگایکردنی لەلایەن دادگاوە ڕێگەپێدراو نییە بەگوێرەی ماددەی ٢٠ بڕگەی ٣؛

(٤) کەیسەکە بایەخی تەواوی نییە بۆ ئەوەی پاساوێک بداتە دادگا بۆ گرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی(ICC statute, ١٩٩٨, ١٧).

کەواتە ئەگەر هاتوو یەکێک لەم حاڵەتانە هەبوو ئەوا دادگا ماف وەرناگرێت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی سەبارەت بەو تاوانانەی کە ئەنجامدراون. حاڵەتی یەکەم ڕونە گەر کەیسەکە پێواژووەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تێدا کۆتاییهات ئەوا جارێکی تر لەبەردەم دادگادا ئەو کەیسە لێکۆڵینەوە و دادگایی تێداناکرێتەوە. حاڵەتی دووەم دادگای دەوڵەتەکە لێکۆڵینەوەی لە کەیسەکەدا کردووە بەڵام دادگایی تێدا ئەنجامنادات لێرەدا پێویستە پشکنین بۆ ئەو بڕیارەبکرێت کە ئایا لە ئەنجامی ئەوەوە نەبووە کە دەوڵەتەکە ئارەزووی نەبووە یان توانای نەبووە بۆ بەڕێوەچونی پێواژوویەکی دادوەریی ڕاستەقینە. هەموو بڕیارێک کە لە دادگاکانی دەوڵەت دەردەچێت نابێتەهۆی ئەوەی کە بڕیاری دادگاییکردن نەدات، مەگەر تەنها بڕیارە کۆتاییەکانی داخستنی لێکۆڵینەوە و قەدەغەکردنی دادگایکردنی تۆمەتبار لەبەردەم هەر دادگایەک کە لەوانەیە ببێتەهۆی ئەوەی کە دادگایی تۆمەتبار نەکرێت(Triffterer and Ambos, ٢٠١٥, ٨٠٦). حاڵەتی سێیەمیش ڕوونە و پرەنسیپێکی جێگیریشە لە یاسای نێودەوڵەتیدا کە تۆمەتبار لەسەر هەمان تاوان تەنها یەک جار دادگایی دەکرێت ئەمەش لە ماددەی ٢٠ی پەیڕەوی بنەڕەتیدا چەسپێنراوە و دادگا ڕێگەی بەخۆی نەداوە کە دادگایی ئەو کەسە بکات کە پێشتر لەلایەن دادگایەکی ترەوە دادگای کراوە لەسەر تاوانەکانی لیستی دادگا، مەگەر ئەوەی کە پێواژووی دادگایکردنەکە بۆ پاراستنی کەسی پەیوەندیدار بوبێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی بۆ ئەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادان؛ یان پێواژووی دادگایکردنەکە سەربەخۆ و بێلایەن نەبوبێت و بەگوێرەی ئەو بنەمایانە نەبێت کە یاسای نێودەوڵەتی دانیپێداناوە و بەشێوازێک بێت کە یەکنەگرێتەوە لەگەڵ مەبەستی ڕاپێچکردنی کەسی پەیوەندیدار بۆ دادپەروەریی(ICC statute, 1998, 20). بنەمای کۆتایی مافی وەرنەگرتنی کەیسەکە لەلایەن دادگاوە ئەوەیە کە کەیسەکە بایەخی تەواوی نییە بۆ دادگا، ئەمەش لەبەرئەوەی دادگا وا لێبڕوانراوە کە دەزگایەکی دادوەریی هەمیشەییە کە بە تەنها سەرۆکایەتی ئەو کەیسانەدەکات کە گەورەترین مەترسییان هەیە و پەیوەندیدارن بە هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە. چەمکی ‹‹بایەخداریتی›› لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا پێناسەی نەکراوە و بواری گونجاوێتی چەمکەکە بابەتێکە بۆ مشتومڕ، بۆ بڕیاردان لەوەی کە کەیسێک بایەخێکی تەواویی هەیە بۆ دەستتێوەردانی دادگا، دوو تایبەتمەندی دەبێت لەبەرچاوبگرین: یەکەم ئەو کردارەی کە بابەتی کەیسەکەیە پێویستە سیستاماتیک یان مەودایەکی فراوانی هەبێت. دووەم ئەوەیە کە کردارەکە بوبێتەهۆی هەژانێکی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی(Klamberg, 2017, 213) .

بایەخ نەبوونی تەواوتی کەیسێک بۆ دادگا بۆ ئەوەیە کە بەرپرسیارێتی پێشینە بە دەوڵەتەکە ببەخشێت بۆ سەرکوتکردنی ئەو تاوانانەی کە پەیوەندیدارە بە جیهانەوە و بۆ ئەوەی بارگرانی بۆ دادگا دروستنەبێت بە زۆری پێواژووەکانی دادگایکردنەوە، و دادگا ئەو کەیسانەی کە بایەخێکی کەمیان هەیە جێدەهێڵێت بۆ دادگا نیشتیمانییەکان(Bellelli, 2016, 196). بە بۆچونی ئێمە دەبو ئەم چەمکە جێگیرنەکرایە لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا چونکە هەموو تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگا تاوانی گەورە و مەترسیدارن و پەیوەندیدارن بە

هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە گەر بە ئەندازەیەکی کەمیش ئەنجامدرابێت نەک مەودایەکی فراوان. لەلایەکی ترەوە دادگا نیشتیمانییەکان لەوانەیە زۆرکات ئارەزوونەکەن بەگرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی بەرامبەر بەو تاوانانە چونکە لێرەدا لەوە دڵنیان کە دادگا کارەکانیان تەواو ناکات و دەسەڵاتی دادوەریی تەواوکاریی بەکارناهێنێت بەهۆکاری بایەخدارنەبونی تەواوەتی کەیسەکان.

کەواتە لێرەدا گەشتینە ئەوەی کە ئەگەر یەکێک لەو چوار حاڵەتە هەبوو بەگرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی لەسەر ئاستی دادگای نیشتیمانی، ئەوا دادگا مافی وەرگرتنی کەیسەکانی نییە، و پرەنسیپی تەواوکاریی بەکارناهێنێت.

## دووەم: برگەی دووەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی، ئارەزوو نەبوون

لەسەرەوە باسمان لەو حاڵەتانەکرد کە دادگا ماف وەرناگرێت بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی، لێرەدا ئاماژە بەو حاڵەتانە دەکەین کە دادگا بڕیاردەدات کە هەستێت بە گرتنەبەری ڕێکاری دادوەریی و کارکردن بە پرەنسیپی تەواوکاریی، ئەو حاڵەتانەش دابەش دەبن بۆ ئارەزوونەبوون یان توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی. وە بۆ ئەوەی بزانین کە دادگای نیشتیمانی ئارەزووی نەبووە لێکۆڵینەوە لەو تاوانەو دادگایی تۆمەتبارەکان بکات ئەوا دەبێت یەکێک یان زیاتر لەم هۆکارانەی خوارەوە هەبێت:

(١) دادبینییەکە بەڕێوەدەچێت یان بەڕێوەچووە یان بڕیاری دادگای نیشتیمانی بەشێوەیەک دەرچووە بۆ مەبەستی پاراستنی کەسی پەیوەندیدار (تۆمەتبار) لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی ئەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگان و لە ماددەی پێنجی پەیڕەوی بنەڕەتیدا هاتوون؛

(٢) بەبێ پاساو دواخستنی دادبینییەکە کە گونجاو نییە لەو دۆخێکدایە یەکناگرێتەوە لەگەڵ نیازی ڕاپێچکردنی کەسی پەیوەندیدار بۆ دادپەروەریی؛

(٣) دادبینییەکە بەشێوەیەکی بێلایەنانە و سەربەخۆ بەڕێوەنەچووە یان بەڕێوەناچێت، دەستیانکردووە یان دەستدەکەن بە دادبینییەکە بەشێوازێک کە گونجاو نییە و لە دۆخێکدایە یەکناگرێتەوە لەگەڵ نیازی ڕاپێچکردنی تۆمەتبار بۆ دادپەروەریی(ICC statute, 1998, 17).

‹›پاراستنی تۆمەتبار لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی›› تەواو فراوانە و دۆخەکانی تری بەبێ پاساو دواخستنی دادبینی و بێلایەن و سەربەخۆ بەڕێوەنەچوونی دادبینییەکەش دەگرێتەوە، کە ئامانج لێی هەڵهاتنی تۆمەتبارە لە دادپەروەریی وکە بەڕونی بەشێکە لە پیلانی گشتی پاراستنی تۆمەتبار لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی و دەکەوێتە ژێر هەمان چەترەوە .(El Zeidy, 2008, 170) دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لە بڕیارێکدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە کە بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانی هەقیقی و چالاک بووە، ئەوا دەبێت چەند مەرجێک بوونی هەبێت. شکستی ئەو مەرجانە بەبێ هەبوونی پاساوێکی پێویست وا دادەنرێت کە دەوڵەتەکە یان دادگای نیشتیمانی ویستویەتی کە تۆمەتبار بپارێزێت لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی، ئەو مەرجانەش بریتین لەوەی دەسەڵاتی نیشتیمانی پێویستە هەموو هەنگاوە گونجاوە بەردەستەکان بگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەکانی پەیوەست بە ڕوداوەکە وەکو گەواهیدەر و بەڵگەی دادگەریی، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێویستە پشتی بەستبێت بە شیکارییەکی بێلایەن و بابەتییانەی هەموو بابەتە پەیوەستەکان وە هەر کەمییەک لە لێکۆڵینەوەکاندا کە دەبێتەهۆی لاوازکردنی تواناکانی دیاریکردنی دۆخەکانی کەیسەکە یانی کەسی بەرپرس، دەبێتەهۆی کەوتنی پێوەرە چالاکەکان(European court of human rights, 2005, 113). دادگای دەوڵەتانی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەمان پێوەری دەرکردووە لە تاقیکردنەوەی جۆرێتی لێکۆڵینەوە نیشتیمانییەکاندا، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لێکۆڵینەوەکان پێویستە بە شێوازێکی هەقیقی ئەنجامبدرێن و کەمترنەبێت لە فەرمی بوون، ئەو لێکۆڵینەوانە پێویستە بابەتیبن و وەک ئەرکێکی یاسایی دەوڵەت دابنرێن بە ئامانجی پشکنینێکی چالاک بۆ هەقیقەت لەلایەن حکومەتەوە(Inter-American Court of Human Rights, 1988, 177).

دواخستنی بێپاساوی دادبینی یەکێکی ترە لەو بنەمایانەی والێکدەدرێتەوە کە دەوڵەت ئارەزووی نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، بڕیاردان لەسەر ئەو دواخستنەش بەوە دەپێورێت کە پێواژووی دادبینی لەم کەیسەدا درێژەبکێشێت بە بەراورد بە کەیسێکی

تری ناو هەمان سیستەمی دادوەریی دەوڵەتەکە، وە هەروەها پێویستە پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاوبگیرێت کە لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ جێگیرکراوە و پەیرەوی بنەڕەتیش بەگوێرەی ماددەی ٢١ ڕێککەوتننامە نێودەولەتییەکانی وەکو یەکێک لە سەرچاوەکانی دادگا ناساندووە، بۆ نمونە بەگوێڕەی ماددەی ١٤ی ڕێککەوتننامەی مافە سیاسی و شارستانییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە بە شێوازێکی دادوەرانە، سەربەخۆ، بێلایەن و ئاشکرا دادگایی بکرێت وە دەبێت دادگایی بکرێت بەبێ دواخستنی ناپێویست(ICCPR, 1966, 14). چەمکی ‹‹دواخستنی بێپاساو›› شوێنی چەمکی ‹‹دواخستنی ناپێویستی›› گرتەوە لەماوەی پێواژووەکانی دانوستاندنی پەیرەوی بنەڕەتی، لە ڕاستیدا شوێنگۆڕکێکە پێوەرەکە ناگۆڕێت، هەرچەندە ‹‹بێپاساو›› زیاتر دەچەسپێت لەگەڵ سەروەریی دەوڵەت، ئەوەش مافی سەلماندن بە دەوڵەت دەدات کە هەر دواخستنێک لەبەردەم دادگای نیشتیمانیدا بڕیاردەدات کە دادگا مافی وەرگرتنی کەیسەکەی دەبێت(Jurdi, 2016, 44, 45). گەرچی پەیرەوی بنەڕەتی ماوەیەکی دیارینەکردووە، بۆ بریاردان لە درێژی ڕێکارە دادوەرییەکان کە تا چەنێک دواخستنێک بەبێ پاساو دادەنرێت، بەڵام هۆبەی پێش دادگایکردنی دادگا لە کەیسی دژی عەبدوڵلا ئەلسنوسی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لەنێوان دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەلسنوسی و ناردنی کەیسەکە لەدژی بۆ تۆمەتبارکردنی کەمترە لە ١٨ مانگ، بۆیە هۆبەی پێش دادگایکردن ناتوانێت وایدابنێت کە دواخستنێکی بێپاساوە و ناگونجێت لەگەڵ نیازی ڕاپێچکردنی ئەلسنوسی بۆ دادپەروەریی(ICC pre- trial chamber I, 2013, 229). بە بۆچونی ئێمە ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە لەنێوان چەسپاندنی تۆمەتەکان لەدژی تۆمەتبار و دەستپێکردن بە لێکۆڵینەوە لەو ماوەیە زیاتر بوبێت ئەوا بە دواخستنی بێ پاساو دادەنرێت.

بێلایەن نەبوون و سەربەخۆنەبوونی پرۆسەکانی دادوەریی، سێیەم و کۆتا بنەمایە بۆ سەلماندنی ئارەزوونەبوونی دەوڵەت، دەزگای داواکاری گشتی دادگا ئاماژەی بەچەند هۆکارێک کردووە بۆ سەلماندنی بێلایەن نەبوون و ئاماژەی کردووە کە مەبەستی هاوبەشی نێوان تۆمەتبار و دەسەڵاتی دەوڵەت لە لێکۆڵینەوە، دادگایکردن یان ناوبژیوانی بەڵگەیەکی دۆخی دروستدەکات بۆ دەستتێوەردان و ڕاستەقینەنەبوونی

**پێواژووەکانی دادوەریی، ئەوانیش بریتین لە:**

- ئامانجی سیاسی دەسەڵاتی دەوڵەت، زاڵبونی پارتی سیاسی؛ و
- بەرێککەوت گونجان یان نەگونجان لە ئامانجەکان و تاوان (ئامانجە سیاسییەکان، ئامانجە هەرێمییەکان، ملکەچکردنی گروپ).
- هۆگریی یان پەیوەندی لەنێوان دەسەڵاتەکان و تۆمەتباراندا (ئەمەش تەنها بەسەر ئەو دۆخانەدا دەچەسپێت کە لێکۆڵینەوە، دادگایکردن یان دەسەڵاتە دادوەرییەکان سەربەخۆنەبن لە دەسەڵاتەکانی تر): ڕاگەیەندراوە فەرمییەکان (سەرکۆنەکردن یان ستایشکردنی کردارەکان)؛ دیارییەکان یان سزاکان، پلە بەرزکردنەوە یان دابەزاندنی پلە؛ هاوکاریی دارایی؛ و بڵاوکردنەوە یان کشانەوەی جێبەجێکردنی یاسا، ڕیگریکردن یان هاوکاریکردنی لێکۆڵینەوە.
- پەیوەندی لەنێوان تۆمەتباران و دادوەراندا؛ و
- دەرکردن (فصل)، تۆڵەکردنەوە لە ستاقی لێکۆڵینەوە بۆ کۆششکردن یان ئەنجامنەدان(ICC office of the prosecutor, 2003, 4).

وە سەبارەت بە سەربەخۆبونی پرۆسەکانی دادوەریی و دەسەڵاتی دادوەریی لە دامەزراندنی دادوەرەکان و دەرکردنیان؛ ڕادەی ملکەچبون بۆ دەسەڵاتی سیاسی؛ ڕادەی جیاکردنەوەی دەسەڵات لەنێوان دەسەڵاتی دادوەریی و دەسەڵاتەکانی تردا؛ ڕادەی دەستتێوەردان یان هەڕەشە کە ڕووبەڕوی دەسەڵاتی دادوەریی دەبێتەوە لەناو دەوڵەتەکەدا(Jurdi, 2016, 47, 48).

لێرەدا گەشتینەئەوەی کە ئەگەر هاتوو یەکێک لەو هۆکارانە یان بنەمایانە هەبوون ئەوا بە مانای ئەوەدێت کە دادگای نیشتیمانی ئارەزووی نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەی تۆمەتباران، هەربۆیە دادگا هەڵدەستێت بە پەیرەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی و کارەکانی دادگای نیشتیمانی تەواودەکات، تەنانەت ئەگەر هاتوو دادگای نیشتیمانی تەواوی پێواژووەکانی دادبینیشی تەواوکردبێت و بڕیارەکەی پلەی کۆتایی وەرگرتبێت، ئەوا دادگا بە مافی خۆی دەزانێت و پرەنسیپی تەواوکاریی پەیرەوبکات و پێواژووی دادگایکردنەکە دووبارەبکاتەوە،

چونکە لێرەدا ئەوە بۆ دادگا دەسەلمێت کە پێواژوو رێکارەکانی دادگایکردنەکە ڕاستەقینەنەبووە و پێویستە دادگا بە گرتنەبەری رێکارێکی دادوەریی چڕ و قووڵ پێواژوویەکی دادوەریی ڕاستەقینە بەڕێوەببات بەجۆرێک کە مافەکانی قوربانی و تۆمەتبار بەبێ لایەنداری بپارێزێت

## سێیەم: برگەی سێیەمی ماددەی ٧١ی پەیڕەوی بنەڕەتی، توانا نەبوون

توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەی ئەو تاوان و تۆمەتبارانەی لەچوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانیاندان بنەمایەکی تر و کردنەوەی دەرگایە بۆ دادگا بۆ وەرگرتنی کەیسەکەو بڕیاردانی بۆ کارپێکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی. برگەی سێیەمی ماددەی ١٧ پەیڕەوی بنەڕەتی ئەو هۆکارانەی دیاریکردووە کە دەبنەهۆی توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی ئەوانیش بریتین لەوەی کە سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی لەبەردەست نەبێت، یان بەشێوەیەکی تەواوەتیی یان بەشەکی ڕوخابێت، دەوڵەتەکە نەتوانێت تۆمەتبارەکە یان بەڵگەو گەواهیدەرە پێویستەکانی دەستکەوێت یان بە پێچەوانەوە نەتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی پێواژووەکانی دادبینی.

لەبەردەست نەبوون، یان ڕوخاندنی تەواوەتی و بەشەکی سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا پێناسەنەکراوە. بەڵام ڕوخاندنی سیستەمی دادوەریی نیشتیمانی هەمیشە لە ئەنجامی ڕوخاندنی خودی دەوڵەتەکەوە دەبێت. کەوتنی دەوڵەت بە شێوەیەکی سەرەتایی دەتوانرێت بەوە بناسرێتەوە کە دەسەڵاتی چالاکی حکومەت لەبەردەست نییە لەسەر ئاستی نیشتیمانی لە ئەنجامی ڕەنگدانەوەی توانانەبوونی دەرەکی دەوڵەت تا بەردەوامیی بدات بە خۆی وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی. نەبوونی حکومەتی چالاک واتە نەبوونی دەزگا سەرەکییەکانی دەوڵەت وەکو پۆلیس، دەسەڵاتی دادوەریی، پەروەردەو تەندروستی(Jurdi, 2016, 50). ڕوداوی کارەساتە سروشتییەکان و جەنگە ناوخۆییەکان دەکرێت وەکو دوو هۆکاری تری توانانەبوونی دەوڵەت بناسێنین، هەربۆیە دارێژەرانی برگەی سێیەمی ماددەی ١٧ی پەیڕەوی بنەڕەتی ئەو دۆخانەیان لە هزردا بووە کە لە وەها دۆخێکدا توانا نییە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، مێژووی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی لەو نمونەی زۆر بەخۆوە دیوە.

دەزگای داواکاری گشتی دادگا ئاماژەی بەچەند هۆکار و بەڵگەیەک کردووە کە دەبێتەهۆی بڕیاردان لەوەی کە دادگای نیشتیمانی توانای نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردنێکی ڕاستەقینە، ئەوانیش بریتین لە:

(١) نەبوونی فەرمانبەر، دادوەر، لێکۆڵەر، داواکاری گشتی پێویست؛

(٢) نەبوونی ژێرخانی دادوەریی؛

(٣) نەبوونی یاسای سزایی سەرەکی یان ڕێکاریی کە سیستەم ڕێکبخات ‹‹لەبەردەست نەبوون››؛

(٤) دەستڕانەگەشتن بە سیستەمێکی ڕێکخراو ‹‹لەبەردەست نەبوون››؛

(٥) ڕێگریکردن لەلایەن پایە ملکەچنەبووەکانی سیستەم ‹‹لەبەردەست نەبوون››؛ و

(٦) ڕێگەپێدانی سیستەم بە لێبوردنە گشتییەکان، پارێزبەندییەکان ‹‹لەبەردەست نەبوون››(ICC office of the prosecutor, 2003, 4).

ئەمەش بە مانای ئەوەدێت ئەگەر هاتوو یەکێک لەم هۆکارانە هەبوون ئەوا مانای وایە کە دادگای نیشتیمانی توانای نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوەو دادگایکردنێکی ڕاستەقینە لەسەر تاوانێکی دیاریکراو و تۆمەتبارانی ئەو تاوانە هەر بۆیە ئیتر لێرەوە دەسەڵاتی دادوەریی دادگا دەستپێدەکات و کارەکانی دادگای نیشتیمانی تەواودەکات بە پەیڕەکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی. کەواتە سەرەڕای ئەو حاڵەتانەی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتی دادگادا هاتوون سەبارەت بە توانانەبوونی دادگای نیشتیمانی، ئەگەر هاتوو لە سەر ئاستی نیشتیمانی و لەو دەوڵەتەی کە تاوانەکان ئەنجامدراوە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان یان یاسایەکی تایبەت نەبوو یان لەناو یاسای تاوانکاریی و سزادانی دەوڵەتەکەدا تاوانەکانی جینۆساید، دژ بە مرۆڤایەتی، جەنگ، دوژمنکاری و تاوانەکانی دژ بە دەزگای دادوەریی بوونی نەبوو یان وەک تاوان ئەژمارنەکرابوون ئەوا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لێکدەدرێتەوە کە ئەو دەوڵەتە توانای ئەوەی نییە کە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە.

ئەگەر هاتوو ئەو تاوانانەی لیستی تاوانەکانی دادگا لە یاسای ئەو دەوڵەی کە تاوانەکە لە هەرێمەکەیدا یان لەلایەن هاووڵاتییەکانییەوە ئەنجامدراوە بوونی هەبوو بەڵام دادگای نیشتیمانی دادگای تۆمەتبارانی بە تەنها بۆ تاوانە ئاساییەکان کرد یان دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان بڕیاری لێبوردنی گشتییان بۆ تۆمەتبارانی تاوانەکە دەرکرد یان بە پاساوی هەبوونی پارێزبەندییەوە دادگایی تۆمەتبارانیان نەکرد(Ibid). ئەوا لەم کاتەدا والێکدەدرێتەوە کە دەوڵەتەکە توانای نەبووە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەو و دادگاش وەک دادگای دواین پەناگە هەڵدەستێت بە تەواوکردنی کارەکانی دادگای نیشتیمانی.

داواکاری گشتی دادگا لە نۆزدەیەمین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە حاڵەتی لیبیا کە ئاراستەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە یاسای لێبوردنی گشتی لیبیا، یاسای ژمارە شەشی ساڵی ٢٠١٥ نابێتەهۆی لابردنی بەرپرسیارێتی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن سەیف ئەلئیسلام قەزافییەوە ئەنجامدراون، وە جەختدەکاتەوە لەوەی کە لیبیا ئەرکییەتی هەستێت بە دەستگیرکردنی قەزافی و تەسلیمکردنەوەی بە دادگا .(ICC office of the prosecutor, 2011, 2)یاساکە لێبوردنی گشتی بۆ هەموو ئەو هاووڵاتییە لیبیانە دەرکردووە کە لە ماوەی نێوان ٢٠١١/٢/١٥ بۆ ٢٠١٥/٩/٧ کە ڕۆژی دەرچوونی یاساکەیە تاوانیان ئەنجامداوە .(ICC pre-trial cham-ber II, 2018, 25)ئەوەش بە ئاشکرا نیازی دەسەڵاتی دادوەریی لیبیا دەردەخات کە توانای نییە هەستێت بە لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنێکی ڕاستەقینەی ئەوانەی کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانەکان، چونکە بڕیاری لێبوردنەکە بە تایبەت بۆ تۆمەتبارانی ئەو حاڵەتەی لیبیا دەرچووە کە ئەنجومەنی ئاسایش ناردویەتی بۆ دادگا. ئەوەش ئاشکرایە کە تۆمەتبارانی تاوانەکانی لیستی دادگا بڕیاری لێبوردن نابێتەهۆی لابردنی بەرپرسیارێتی تاوانکاریيان.

لە ئەنجامی ئەم لقەوە دەگەینە ئەوەی کە پوختەی پرەنسیپی تەواوکاریی دەبێتەهۆی ئەوەی کە دەوڵەتان هەستن بە بەهێزکردن و گەشەپێدانی پێوانەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن لەناو سیستەمی ناوخۆییاندا. کاتێک جەختدەکاتەوە لەوەی کە دەوڵەتانی ئەندام ئەرکیان لە ئەستۆیە کە هەستن بە دانانی ئەو تاوانانەی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتیدان بۆ ناو یاساکانیان.(Cryer, Friman, Robinson and Wilmshurst, 2010, 162) پرەنسیپی تەواوکاریی هاندەرێکی بەهێزە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە یاسا دەردەکەن بۆ ئەو تاوانانەی کە لیستی تاوانەکانی دادگادان، وە لە مەودایەکی فراوانتر یان تەسکتردا دەسەڵاتی دادوەریی دەسەپێنێت بەسەر ئەو تاوانانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا ئەنجامدراون.(Ibid, ٧٥) هەربۆیە گەشەپێدانی دادگا بە ژمارەی ئەو حاڵەتانە نییە کە دەگەنە دادگا بەڵکو بە ژمارەی ئەو حاڵەتانەیە کە لە دادگای نیشتیمانیدا دادبینی تێدادەکرێت چونکە دادگا خواستی ئەوەیەو واش دامەزراوە کە دادگا نیشتیمانییەکان بە ئەرکی یاسای خۆیان هەستن بە لێکۆڵینەوەی تاوانەکان و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکان. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە پرەنسیپی تەواوکاری بە تەنها بۆ تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگایە، خۆ ئەگەر هاتوو دادگای نیشتیمانی پێواژوویەکی دادبینی ڕاستەقینەی بەڕێوەنەبرد لە تاوانێکی دەرەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا، ئەوا لێرەدا دادگا مافی دەستتێوەردان و دەستپێکردن و تەواوکردنی کارەکانی دادگای نیشتیمانی نییە و لێرەدا کار بە پرەنسیپی تەواوکاریی ناکرێت، چونکە پرەنسیپی تەواوکاریی بە تەنها تاوانەکانی لیستی دادگا دەگرێتەوە.

## تەوەری دووەم: سودەکانی پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگاوە

بۆ جێگیرکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگاوە چەندین سود و پاساو هەیە کە وایکردووە دادگا وەک دادگای تەواوکاریی دادگا نیشتیمانییەکان ڕۆڵبگێڕێت کە لە خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

لقی یەکەم: دانپێدانان بە سیستەمی دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانیدا، ئەمە یەکەمین و گرنگترین سود و پاساوە کە دادگا بە پرەنسیپی تەواوکاریی جێگیری کردووە. لەناو هەموو ئەو دادگا نێودەوڵەتییە سەربازیی، تاوانکاری تایبەت، کاتی و تێکەڵاوانەی کە لە سەدەی ڕابردوو و ئەم سەدەیەشدا دامەزرابوون و دامەزراون بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، دادگا تاکە دادگای ناو هەموویانە کە کار بە پرەنسیپی تەواوکاریی دەکات وەک دادگای دواین پەناگە. گەر بە کورتی بچینە ناو مێژووی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو دادگای سەربازی نێودەوڵەتی نۆرمبێرگ و خۆرهەڵاتی دوور (تۆکیۆ) لە کاتی بەڕێوەچوونی پێواژووەکانی دادگایکردندا پرەنسیپی تەواوکارییان بەکارنەهێنا. پێواژووەکانی دادگایکردن لەلایەن ئەم دوو دادگایەوە بەڕێوەدەچوو، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی یان ڕێککەوتن و هاوکاریی لەگەڵ دادگای نیشتیمانی دەوڵەتەکان، و لەکارخستنی تەواوەتی سیستەمی دادگای نیشتیمانی ئەو دەوڵەتانە کە دادگا سەربازییەکان دەسەڵاتی دادوەرییان هەبوو تێیانداو ئەم دوو دادگایە دەسەڵاتی دادوەریی تەنیا و پێشینەیان پەیڕەوکرد(Owuor, 2017, 28). لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی دادپەروەریی تاوانکاری نێودەوڵەتی بوو بە پرسێکی دەستبەجێ جێ بایەخ و گرنگی مرۆڤایەتی، جینۆسایدەکانی یوگۆسلاڤیا و ڕوانداش جارێکی تر چاودێری جیهانی بۆ پرسی دادپەروەریی تاوانکاریی نێودەوڵەتی ڕاکێشایەوە و دەیەیی کۆتایی سەدەی بیستەم گەواهیدەری گەشەیەکی قووڵە لە پرەنسیپەکانی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتیدا. هەر چوار دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ یوگۆسلاڤیای پێشوو و ڕواندا، و دادگا تایبەتەکانی سیرالیۆن و لوبنان پرەنسیپی دەسەڵاتی دادوەریی هاریکاریان لەڕێسا بنەڕەتییەکانیاندا جێگیرکرد و لەپێواژووەکانی دادگایکردندا کاریانپێکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر چوار دادگا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینەیان هەبوو وە هەیە بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا.

گەر پرەنسیپی تەواوکاریی دادگا بەوە بناسێنین کە بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی دادوەریی لەنێوان دادگا و دادگا نیشتیمانییەکاندا، ئەوا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکاندا دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە و باڵایی بۆ دادگا نیشتیمانییەکانە. بە بۆچونی ئێمە جێگیرکردنی پرنسیپی تەواوکاریی لە ڕێسای بنەڕەتیدا یەکێکە لە دەستکەوتەکانی دادگا کە لە دادگاکانی تردا بوونی نەبووە. وەک ئاماژەمان بۆکردووە دادگا پرەنسیپی تەواوکاریی جێگیرکردووە و کاریشپێدەکات، ئەوەش بە مانای ئەوەدێت کە دادگا، دادگایی دواین پەناگەیە، دواین دادگایە کە پەنای بۆ دەبرێت، بەم پرەنسیپەش دەرفەتی یاسایی پێشینەی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان وەک یەکەم دادگا کە هەستن بە پێواژووەکانی دادبینی، پێشەکی دادگا ئاماژەی بە بەشێک لە گرنگترین ئەو پاساوانە کردووە کە بونەتەهۆی جێگیرکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی، چونکە ئەم دادگا دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتییە و تایبەتمەندی بەردەوامیی و هەمیشەیی هەیە، نەک کاتی بێت، بۆ هەموو جیهان و مرۆڤایەتییە نەک دەوڵەتێک یان کیشوەرێکی دیاریکراو.

لقی دووەم: یەکێکی تر لە سودەکان یان پاساوەکانی جێبەجێکردنی پرەنسیی تەواوکاریی بریتییە لەوەی کە تاوانبار دەربازی نەبێت لە سزا، لە پێشەکی پەیڕەوی بنەڕەتیدا ئەوە جێگیرکراوە کە ئەو تاوانە مەترسیدارانەی کە پەیوەستە بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە نابێت بەبێ سزا تێپەڕێت و پێویستە دڵنایی بدرێت لە دادگایکردنێکی چالاکیان بەگرتنەبەری ڕێکارەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی بە گەشەپێدانی هاوکاریی نێودەوڵەتی.(ICC statute preamble, 1998, 4) هەر بۆیە جێگیرکردنی چەمکی ‹‹لێکۆڵینەو دادگایکردنی ڕاستەقینە›› لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا دەوڵەتان ناچاردەکات کە هەستن بە لێکۆڵینەوە و دادگایکردن و بڕیاربدەن لەوەی کە دادگایکردنەکە بەشێوازێکە کە بگونجێت لەگەڵ ئامانجەکانی پەیڕەوی بنەڕەتیدا، سەرەکیترین بیرۆکە لە پشت هەموو سیستەمی تەواوکارییەوە دڵنیاکردنەوەی ئەو دەوڵەتانەیە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کە هەستن بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردن، بەشێوازێک کە ئامانجەکانی پشت پەیڕەوی بنەڕەتی بەدەستبهێنێت (El Zeidy, 2008, 164). پرەنسیپی تەواوکاریی بنیادنراوە لەسەر دانپێدانان بە پەیڕەوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاری نیشتیمانیدا کە بە تەنها مافێک نییە، بەڵکو ئەرکێکی دەوڵەتانیشە، دەوڵەتان بەرپرسیارێتیان لە ئەستۆیە بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی ئەو تاوانانەی کە لەچوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانیاندا ئەنجامدراون و بەشێوەیەک پێشبینی لە سیستەمە نیشتیمانییەکان کراوە بۆ بەردەوامیدان و پەیوەستبوون بە پەیڕەوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانەوە.(ICC policy issues before office of the prosecutor, 2003, 5)

لەماوەی سەدەی بیستەمدا کە دادگا دامەزراوە ملیۆنان منداڵ، ژن و پیاو بونە قوربانیی تاوانە چاوەڕواننەکراوەکان کە بە قووڵی ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندو، ئەو تاوانە گەورانە هەڕەشەبون لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهان، بۆیە دادگا جەخت لەوە دەکاتەوە کەو ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی کە پەیوەندی هەیە بە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە نابێت بەبێ سزا تێپەڕن و دادگایکردنێکی کاریگەر دەبێت هەبێت بە گرتنەبەری رێکارەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی بە بەرزکردنەوەی هاوکاریی نێودەوڵەتی.(ICC statute preamble, 1998, 2, 3, 4) ئەمەش بە مانای ئەوەدێت کە دەبێت لەسەر ئاستی نیشتیمانی لێکۆڵینەوە لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان و دادگایی تۆمەتباران بکرێت. جێگیرکردنی پرەنسیپی پێشینەیی و باڵایی دادگای نیشتیمانی لە دادگاکانی تردا نەبووە، بۆیە دادگا بە وشیارییەکی قووڵەوە ئەم پرەنسیپەی جێگیرکردووە. چونکە دڵنیا بووە کە دەرفەتی ئەوەی نابێت دادگایی تۆمەتبارانی هەموو جیهان بکات، وە ئەو دادگایانەی تر کە باڵاییان هەبوو بەسەر دادگایی نیشتیمانیدا سەرکەتوونەبوون، دادگا لەوانەوە ئەزمونی وەرگرت.

بۆیە دەتوانین بڵێین پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی لەلایەن دادگاو پێشینەی بۆ دادگای نیشتیمانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە و وەڵامی دادگایە بۆ ئەو ڕەخنانەی کە ڕوبەڕوی دادگاکانی یوگۆسلاڤیا و ڕواندا بونەوە کە دەسەڵاتی دادوەریی پێشینەیان هەبوو بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا. ئەو دادگا تاوانکارییە نێودەوڵەتیانە بە ئەندازەی تەواوەتی هەستیارنەبوون بەرامبەر ڕاستیینە نیشتیمانییەکان و پێواژووەکانی دادپەروەریی. (Novak, 2015, 54)

لقی سێیەم: دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی سودی زیاترە بە بەراورد بە دادگا، بەهۆی ئاسان دەستڕاگەشتن بە بەڵگەکان و گەواهیدەرەکان و هەروەها بەشداریکردنی قوربانیان و گەواهیدەرەکانیش لە قۆناغی دادگایکردن گرفتی کەمترە بە بەراورد بە دادگا.(Pisani, 2012, 38)

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەچوونی پێواژووی دادگایکردن لەو دەوڵەتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە گەر دادگاییەکی ڕاستەقینە بەڕێوەبچێت ئەوا چەند سودێکی لێدەکەوێتەوە وەکو کەمی خەرجییەکانی لێکۆڵینەوە و دەرفەتی زیاتری ئاشتبونەوە دەرەخسێنێ و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەپاش ململانێ بەدەستدەهێنێتەوە.(Novak, 2015, 54) هەروەها دەبێتەهۆی بنیادنانەوەی ژیانی پاش ڕوداوەکان و دروستکردنی تۆمارە مێژووییەکان، و هەر لاوازییەک هەبێت لە بێلایەنی پێواژووەکانی دادبینی، یان تۆقاندنی قوربانی و گەواهیدەرەکان بەهۆی بەڕێوەنەچوونی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینەوە، ئەوا بە تەواوکاریی کە لە ڕێسای بنەڕەتیدا لەسەر بنەمای ئارەزوونەبوون و توانانەبوون جێگیرکراوە چارەسەردەکرێت(Pisani, 2012, 39)

سیستەمی تەواوکاریی داوای بەرزکردنەوەو هەرچی زیاتری لێهاتووی دەکات، چونکە دادگا ناتوانێت فریای هەموو حاڵەتە تاوانکارییە مەترسیدارەکان بکەوێت. ئەم لێهاتوویی و توانایەی کە لەلایەن دادگاوە بەدەستدێت جەختدەکاتە سەر تۆمەتبارە پلە باڵاکان، لەکاتێکدا تۆمەتبارە بچوکەکان جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکانی دەوڵەتی پەیوەندیدار لەبارەیانەوە بکۆڵێتەوە و دادگایان بکات.(Owuor, 2017, 68, 69) بە بۆچونی ئێمە دادگا بەبێ هاوکاریی دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان سەرکەوتونابێت لە بەدەستهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی و فریایی دادگایکردنی هەموو تۆمەتباران ناکەوێت، چونکە دادگا ڕوبەڕویە لەگەڵ کۆمەڵێک گرفت کە تەگەرە دەخەنە بەردەم کارەکانی هەر لە دەستگیرکردنی تۆمەتبارەوە تا گواستنەوەی و خەرجییەکانی تر ماوەیی دەستبەسەریی تۆمەتباران، ئەمە سەرەڕای خەرجییەکانی ماوەی بەسەربردنی سزایی تاوانباران و هەموو ئەمانە ڕەوایی و پاساو دەدەن بە جێبەجێکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی و

بەوەش دادگا دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش ڕۆڵی هەبێت لە پرۆسەی بەدیهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانیدا.
سەرەڕای هەموو ئەوانەش ئاراستەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی بەرەو ئەوە دەچێت کە بەرەو نیشتیمانی و ناوخۆییکرێت و وەک دەڵێن داهاتوی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی یاسای نیشتیمانییە. چەسپاندنی پرەنسیپ و دەسەڵاتی دادوەریی تەواوکاریی لەلایەن دادگاوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو ئامانجەیە، چونکە گەر دادگا نیشتیمانییەکان بە دادگایکردنێکی ڕاستەقینە هەستان ئەوا ئامانجی دادگاش بەدیدێت، وە بە پێچەوانەوە دادگا ئامادەیە و لەکاردایە بۆ تەواوکردنی کارەکانی دادگای نیشتیمانی کە ئارەزویان نەبووە یان نەیانتوانیوە بە ئەرکی دادگایکردنێکی ڕاستەقینە هەستن.(ICC statute, 1998, 17)

لقی چوارەم: سیستەمی تەواوکاریی تۆمەتباران دەپارێزێت لە دووبارە دادگایکردنەوە، گەر هاتوو پێشتر لەبەردەم دادگایەکی تردا دادگایکرابن. ئەم سیستەمە لە تەواوی سیستەمە یاساییەکاندا هەیە و نابێت تۆمەتبار دووجار لەسەر یەک تاوان دادگاییبکرێت.(Klamberg, 2017, 233) جێگیرکردنی چەمکی ‹‹دادگایەکی تر›› لە ڕێسای بنەڕەتیدا ئاماژەکردنە بە دادگای نیشتیمانی دەوڵەتانی ئەندام و دادگاکانی تری دەوڵەتانی نائەندام، هەرچەندە وا دادەنرێت کە ئەو دادگایە دەبێت سروشتێکی سزایی هەبێت لە دەستپێکردن بە پێواژووەکانی ڕاپێچکردنی تۆمەتبار بۆ دادگایکردن. گەر پێواژووی دادگایکردنی دادگای نیشتیمانی کەوتە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگاوە، ئەوا تۆمەتبارەکە جارێکی تر دادگای ناکرێتەوە لەبەردەم دادگادا.(Triffterer and Ambos, 2015, 922, 923) تاوانەکانی لسیتی دادگا دەسەڵاتی دادوەریی جیهانی دەیانگرێتەوە بۆیە گەر لە دادگاکانی دەوڵەتانی ئەندام یان نائەندام دادگای تۆمەتبارانی تاوانەکان کران دادگایکردنێکی ڕاستەقینەبوو، ئەوا ئەو دادگایکردنە بەسە بۆ ئەوەی ڕێگربێت لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگا لە دووبارە دادگایکردنەوەی تۆمەتبار.
ئەگەر تۆمەتبار دادگایکرابێت لەبەردەم دادگای تاوانکاری نیشتیمانیدا و لە پێواژووەکانی دادبینیدا بڕیاری تاوانباربونی لەبارەوە درابێت بە سزادان یان بێتاوانی و ئازادکردن، ئەوا ئەو کاتە بەگوێرەی ماددەی بیستەمی ڕێسای بنەڕەتی دادگا، جارێکی تر لەبەردەم دادگادا دادگایی ناکرێتەوە.(ICC statute, 1998, 20) ئەمەش پشت بە دەبەستێت بە پرەنسیپی یاسای تاوانکاریی کە تۆمەتبار دوو جار لەسەر یەک تاوان دادگایی ناکرێت، بۆ ئەوەش مەرجە کە دادگاییکردنی یەکەم ڕاستەقینەبێت و ڕەچاوی بنەماکانی دادگایکردنێکی دادپەروەریی تێداکرابێت، جا بە سزادانی تۆمەتبار بێت یان ئازادکردن. چونکە گەر دادگایکردنەکە ڕاستەقینە نەبوبێت و بۆ پاراستنی تۆمەتبارەکە بوبێت بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی تاوانکاریی لەسەر تاوانەکانی لیستی دادگای بۆ دروست نەبێت ئەوا دەبێت دادگایی بکرێتەوە. وە هەروەها گەر دادگایکردنەکەش ڕەچاوی ئەو بنەمایانەی نەکردبوو کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا ڕێکخراون، وە دادگایکردنێکی سەربەخۆ و بێلایەنانە نەبوو، ئەوا لەم کاتەشدا تۆمەتبارەکە دادگایی دەکرێتەوە.(Ibid) چونکە دادگایکردنێک ڕەچاوی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی نەکات و سەربەخۆ و بێلایەن نەبێت، ئەوا هەر لەسەرەتاوە دەرخەری ئەوەیە کە پێواژووی دادگایکردنەکە و ئامانجەکەی یان بۆ سەپاندنی سزایەکی قورستر و تۆڵەکردنەوەیە لە تۆمەتبار، یان بۆ ئازادکردنی تۆمەتبار و ڕزگاربونیەتی لەسزا.

لقی پێنجەم: تەواوکاری سەروەری نیشتیمانی دەپارێزێت و لە هەمانکاتدا ئەرکی دەوڵەت زیاتر دەکات.(Bachmann and Nwibo, 2018, 480) هەروەها سیستەمی تەواوکاریی ڕێزدەگرێت لە سەروەریی نیشتیمانی لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریدا. دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدەگرن بۆ سەرکوتکردنی پێشێلکردنی یاسای تاوانکاریی و پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، پێشینەیی دەسەڵاتی دادوەریان تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی سەروەرییە.(Bellelli, 2016, 48) هەروەها جێبەجێکردنی پرەنسیپی پێشینەیی هەردوو دادگای یوگۆسلاڤیا و ڕواندا بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بەگوێرەی بەشی حەوتەمی دەستووری ڕێکخراوەکە، لە بەرپرسیارێتی پێشینەیی ئەنجومەنی ئاسایشەوە سەرچاوەیگرتبوو بۆ بەردەوامیدان بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.(UN charter, 1945, 24) بەڵام دادگا نە دەسەڵاتێکی خاوەن سەروەریی هەیە بەسەر هەر هەرێمێکدا نە

بەرپرسیارێتی پێشینەی هەیە لە بەردەوامیدان بە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.(Bellelli, 2016, 49) بەڵکو بەرپرسیارێتی پێشینە لای خودی دەوڵەتانەو دادگاش لە پێشەکی ڕێسا بنەڕەتییەکەیدا ئەوەی جێگیرکردووە کە ئەرکی هەموو دەوڵەتێکە کە هەستێت بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی بەسەر ئەوانەی بەرپرسیارن لە ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا(ICC statute preamble, 1998, 6) سیستەمی تەواوکاریی بەرگی ئەرکی دەوڵەتانی ئەندامە بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکەیان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تاوانە مەترسیدارە ئەنجامدراوەکان بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و نیشتیمانی، بە مانایەکی تر بەرپرسیارێتی تەنها پرسێکی توانایی نییە بەڵکو پرسێکی یاسایی، ڕامیاری و ڕەوشتیشە. ئەمەش هەرچەندە، مشتومڕێک دەکاتەوە کە ئایا ئەرکێکی یاساییە بۆ دادگایکردن یاخود نا. بەشێوەیەکی گشتی ئەوە چاوەڕوان دەکرێت کە دەوڵەتان هەستن بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە وە یەکەم دەرفەتیان لەبەردەستە کە بجەنگن لە دژی پارێزبەندی لە چوارچێوەی یاسا تاوانکارییە نیشتیمانییەکانیاندا.(Owuor, 2017, 69)
بەخشینی دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە لەلایەن دادگاوە بە دادگا نیشتیمانییەکان سەرەڕای ئەوەی کە ڕێزگرتنە لە سەروەری دەوڵەتانی ئەندام هەروەها بە مانای ئەوەدێت کە دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکان هەمیشە بژاردەی یەکەمیان لەبەردەستە بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی ژێر دەسەڵاتە دادوەرییەکانیان و تەنها ئەگەر شکستیانهێنا لە گەشتن بە پێداویستییەکانی ڕێسای بنەڕەتی دادگا، لەوانەیە دادگا دەستتێوەردان بکات و هەستێت بە لێکۆڵینەوە یان دادگایکردن بۆ دڵنیابونەوە لە سەرکەوتنی دادپەروەریی نێودەوڵەتی. لەم ڕێگەیەوە سەروەری ئەو دەوڵەتە وادەکات کە هەستێت بە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانی مەگەر ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە شکستبهێنێت لەو بەرپرسیارێتییانەی کە لە پەیڕەوی بنەڕەتییەوە بۆی دروستبووە.(Ibid, 68) لێکۆڵینەوە و دادگایکردن لە تاوانەکانی لستی دادگا کە لەناو دەوڵەت یان لەلایەن ئاژانسەکانی دەوڵەتەوە ئەنجامدراون دادگای نیشتیمانی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ڕێکارەکان دەگرنەبەر و کاریگەرترین و بەتواناترین ڕێگایان لەبەردەستە بۆ دادگایکردنی تۆمەتباران، داواکاری گشتی هێز دەداتە دەوڵەتان کە ڕێکارەکانی دادوەریی بگرنەبەر، وەک ڕێسای گشتی، سیاسەتی دەزگای داواکاری گشتی تەنها کاتێک دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە کە دەوڵەتی پەیوەندیدار شکستیهێنابێت لە گرتنەبەری ڕێکارە دادوەرییەکان.(ICC policy issues before the office of the prosecutor, 2003, 2) کەواتە پرەنسیپی تەواوکاریی دەرفەتی تەواوی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان وەک دادگایی یەکەم و خاوەن دەسەڵاتی دادوەریی پێشینە، کە ئەگەر بیانەوێت بە دادگایکردنێکی ڕاستەقینە هەستن ئەوا دادگا هەرگیز دەستتێوەردان ناکات لە پێواژووەکانی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی ناو دەوڵەتان، ڕەهەندێکی تری پرەنسیپەکە ئەوەیە کە دەرفەت دەدات بە حکومەتەکان کە ئەگەر ئەیانەوێت دەوڵەتاکانیان بەدوربن لە دەستتێوردانی دادوەریی دادگا ئەوا دەبێت سیستەمی دادوەرییان بەهێزبکەن و گەرەنتی دادگاییەکی دادوەرانە، سەربەخۆ و بێلایەن بکەن.

لقی شەشەم: تەواوکاریی بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە داوای دانان و جێبەجێکردنی پەیڕەوی بنەڕەتی ناکات لەناو یاسای نیشتیمانیدا.(Lom-edemhe, 2017, 59) بەڵکو هاندەرێکە بۆ جێبەجێکردنی پەیڕەوی بنەڕەتی لەسەر ئاستی نیشتیمانی، دەوڵەتان دەتوانن وەڵامی تەواوکاریی بدەنەوە بە دەرچواندنی یاسایەک کە هێز بدەنە دەسەڵاتەکانیان بۆ جێبەجێکردنی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی کە جێبەجێبێت بەسەر تاوانە بنەڕەتییەکاندا. خودی هەبوونی داگا هێزی داوە بە دەوڵەتان بۆ دەرچواندنی یاسای ناوخۆیی تاوانەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگا. تەنانەت لەپێش دەستپێکردنی هەر لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن دادگاوە، بەکارهێنانی یاسا ناوخۆییەکان هەنگاوێکی گەورەیە بۆ ڕاپێچکردنی تۆمەتبارانی تاوانەکان بۆ دادگایکردن.(ICC policy issues before the office of the prosecutor, 2003, 3) لە پێواژووی بە ئەندامبونی دەوڵەتان لە دادگادا ئەو دەوڵەتانە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک پێداچوونەوە دەکەن بە چوارچێوەی یاساکانیاندا کە پەیڕەودەکرێت بەسەر ئەو تاوانانەدا بە لەبەرچاوگرتنی پڕکردنەوەی بۆشاییە یاساییەکان. ئەو تەواوکارییە ڕاژە دەکات بە دەرچواندنی یاسا لەلایەن دەوڵەتانەوە بۆ پاراستنی مافی پێشینەییان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی ئەو تاوانانەی کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادایە، و وە بەتایبەتی بۆ دورخستنەوەی ئەوەی کە جارێ تواناNەبونیان بدرێت.(Kleffner, 2003, 88) هەر ئەم پرەنسیپەشە کە

بووەتەهۆی ئەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵاتی دادوەرییان بەخشیوە بە دادگاکانیان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان ئەویش یان بە دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت یان جێکردنەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا لە چوارچێوەی یاسا تاوانکاریی و سزاییەکانیدا.

لقی حەوتەم: سەرەڕای ئەو سود و پاساوانەی کە باسمانکردن و ڕەوایی دەدەن بەوەی کە دادگا دادگای دواین پەناگەبێت و ئەرک و دەسەڵاتی دادوەریی تەواوکاریی هەبێت نەک پێشینەیی، دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەو دادگایانەی تر کە پەیڕەوی دەسەڵاتی دادوەریی پێشینەییان دەکرد بەسەر دادگا نیشتیمانییەکاندا نەیانتوانی هەموو تۆمەتباران دادگایی بکەن، هێشتا بۆشاییەکی گەورە هەیە لە توانابوونی بۆ ڕووبەڕوکردنەوەی دادپەروەریی ئەوانەی کە بەرپرسیارن بۆ مەترسیدارترین تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەکو جینۆساید، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دوژمنکاریی، ئەو دادگایانە تەنها توانیویانە ژمارەیەکی کەم لە تۆمەتباران دادگایی بکەن بۆ ئەو تاوانانەی کە لە هەرێمێکی دیاریکراو کاتێکی دیاریکراودا ئەنجامدراون.

ستراتیژی جەختکردنەوە لەسەر ئەوانەی کە گەورەترین بەرپرسیارێتی هەڵدەگرن بۆ ئەو تاوانانەی لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادان بۆشاییەکی پارێزبەندی جێدەهێڵێت مەگەر ئەوەی کە دەسەڵاتە نیشتیمانییەکان، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دادگا پێکەوە کاربکەن بۆ دڵنیابیدان لە بەکارهێنانی هەموو ڕێگا پێویستەکان بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارانی تر.(ICC policy issues before the office of the prosecutor, 2003, 3)

لەم ڕوانگەیەوە سیستەمی تەواوکاریی دادگا ئەوە ڕوندەکاتەوە و دەخاتەڕوو کە دەسەڵاتی دادوەریی دادگا کارناکات کاتێک:

(١) تاوانەکە لەچوارچێوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگادابێت، بەڵام ئەنجامدراوە لە هەرێمی دەوڵەتێکی نائەندام و لەلایەن هاووڵاتیانی دەوڵەتێکی نائەندامەوە؛

(٢) حاڵەتە پەیوەندیدارەکە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە نەنێردراوە بۆ دادگا، و دەوڵەتە نائەندامەکەش کە تاوانەکە لە هەرێمەکەیدا ئەنجامدراوە یان لەلایەن هاووڵاتییەکانییەوە ئەنجامدراون ئارەزووی نەبێت یان توانای نەبێت بۆ دادگایکردن(Bellelli, 2016, 242, 243)؛ و بە ڕاگەیاندنێکیش دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دادگای پەسەندنەکردبێت بەگوێرەی بڕگەی سێیەمی ماددەی ١٢ی ڕێسای بنەڕەتی؛

(٣) ئەنجامدرابوون لەپێش چوونەبواری جێبەجێکردنی ڕێسای بنەڕەتی دادگاوە(ICC statute, 1998, 11)؛

(٤) لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجامدرابوون کە تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵییەوەبوبێت(Ibid, 26)؛

(٥) کەسانی یاسایی (شخصی معنوی) تێوەگلابوون لە بەرپرسیارێتی(Ibid, 25)؛

(٦) تاوانەکە بایەخی تەواوی نەبووکە ڕەوایبدات بە دادگا بۆ لیکۆڵینەوە و دادگایکردن(Ibid, 17) ؛

(٧) ئەنجامدرابێت لەلایەن تۆمەتبارە مام ناوەند و بچوکەکانەوە.(Bellelli, 2016, 243)

ئەم حەوت حاڵەتە کە دادگا دەسەڵاتی دادوەریی تێیاندا نییە دەبێتەهۆی دروستبونی بۆشاییەکی پارێزبەندنی، و ڕزگاربونی ئەو تۆمەتبارانە لە بەرپرسیارێتی تاوانکاریی دادگا. هەربۆیە ئەمانە دەرخەری ئەوەن کە بەبێ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە لەلایەن دادگا تاوانکارییە نیشتیمانییەکانەوە مەحاڵە دادگا بە تەنها بتوانێت هەستێت بە بەدەستهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی و ڕاپێچکردنی هەموو تۆمەتباران بۆ دادپەروەریی، هەربۆیە پرەنسیپی تەواوکاریی گەورەترین ڕێگا و ئامرازیی یاساییە بەدەست دادگا نیشتیمانییەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانی.

## ئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمان بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پرەنسیپی تەواوکاریی دادگای تاوانکاریی نێودەوڵەتی ئامرازێکی ئاشکرایە بۆ جەنگان لەدژی پارێزبەندی کە یارمەتیدەری بەهێزکردنی ئامانجی هێنانەدی دادپەروەریی تاوانکارییە لەسەر هەردوو ئاستی سیستەمی یاسایی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.

٢- پرەنسیپی تەواوکاریی یەکێکە لە پرەنسیپە یاساییە بەهادارەکان کە دادگا لە پەیڕەوە بنەڕەتییەکەیدا جێگیریکردووە، چونکە گەر پرەنسیپەکەی جێگیر نەکردایا ئەوا دادگا دەسەڵاتی ئەوەی نەدەبو، وە کارێکی قورسە کە بتوانێت دادگایی هەموو تۆمەتبارانی دەوڵەتانی ئەندام بکات لە قورسی دەستکەوتنی بەڵگە، گەواهیدەرەکان، خەرجی پێواژووەکانی دادبینی و دەستگیرکردنی تۆمەتبار و هتد.

٣- دادگا بە جێگیرکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی هێزی داوە بە دادگا نیشتیمانییەکان و بە مانایەکی تر گەشەیەکی قووڵی داوە بە دادپەروەریی تاوانکاریی نیشتیمانی کە خۆیان هەستن بە دادگایکردنی تۆمەتبارانی دەوڵەتەکانیان بەوەش ئەگەر هەڵنەستن بە دادگایکردنەکە ئەوا دادگا بوونی هەیە و ئامادەیە بۆ تەواوکردنی دەسەڵاتی دادوەریی تاوانکاریی نیشتیمانی.

٤- جێگیرکردن و پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواکاریی لە دادگادا بووەتەهۆی ئەوەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام دەسەڵاتی دادوەریی ببەخشن بە دادگاکانیان بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایکردنی تۆمەتبارانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، ئەویش یان بە دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت یان جێکردنەوەی تاوانەکانی لیستی دادگا لە چوارچێوەی یاسا تاوانکاریی و سزاییەکانیاندا.

## پێشنیار

بۆ بەهێزکردن و چالاکبونی زیاتری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی و پەیوەست بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە ئەم چەند پێشنیارە بە گرنگ دەزانین:

١- دانانی پێناسەیەکی یاسایی ڕوون، ئاشکرا، دیاریکراو و تایبەت بۆ پرەنسیپی تەواوکاریی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا، چونکە تا ئێستا دادگا پێناسەی پرەنسیپەکەی نەکردووە.

٢- جێگیرکردنی کاتێکی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتی دادوەریی نیشتیمانیی لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا، بەجۆرێک گەر لە ماوەی ئەو کاتەدا کە دادگا دیاریکردووە، دادگای تاوانکاری نیشتیمانی بە ئەرکی لێکۆڵینەوە و دادگایکردنێکی ڕاستەقینە هەڵنەستا ئەوا دادگا دەسەڵاتی دادوەریی وەربگرێت بۆ پەیڕەوکردنی پرەنسیپی تەواوکاریی.

٣- بواردن و سڕینەوەی چەمکی ‹‹بایەخداربوون››ی کەیسێک لە پەیڕەوی بنەڕەتیدا، چونکە لە ئێستادا گەر کەیسێک بایەخی تەواوی نەبێت بۆ دادگا ئەوا دادگا هیچ ڕێکارێکی دادوەریی بەرامبەری ناگرێتەبەر.

## لیستی سەرچاوەكان

### یەكەم: كتێب بە زمانی ئینگلیزی


1- Mark Klamberg, Commentary on the law of the international criminal court, Torkel Opsahl academic epublisher, Brussels, 2017.

2- Mohamed M. El Zeidy, the principle of complementarity in international criminal law: origin, development and practice, published by Martinus Nijhoff publishers and VSP, Leiden. Boston, The Netherlands, 2008.

3- Nidal Nabil Jurdi, the international criminal court and national courts a contentious relationship, first published by Routledge, New York, NY 10017, USA, 2016.

4- Otto Triffterer and Kai Ambos, the Rome statute of the international criminal court a commentary, third edition, 2015.

5- Ovo Catherine Lomedemhe, the complementarity regime of the international criminal court, national implementation in Africa, Springer international publishing AG, 2017.

6- Roberto Bellelli, international criminal justice law and practice from the Rome statute to its review, first published by Routledge, New York, NY 10017, USA, 2016.

7- Robert Cryer, Hakan Friman, Darryl Robinson, Elizabeth Wilmshurst, an introduction to international criminal law and procedure, second edition, Cambridge University press, 2010.


### دووەم: دكتۆرانامە بە زمانی ئینگلیزیی


8- Beatric Pisani, the system of the international criminal court: complementarity in international criminal justice, PhD. Thesis in international studies- XXII Cycle, school of international studies, university of Trento, 2012.

9- Emilie Hunter, the international criminal court and positive complementarity: the impact of ICC's admissibility law and practice on domestic jurisdictions, thesis submitted for assessment with a view to obtaining the degree of doctor of laws of the European university institute, 2014.

10- Milton Odhiambo Owuor, the international criminal court and positive complementarity: legal and institutional framework, a thesis submitted in fulfillment of the requirements for the degree of doctor of laws (LLD) in international criminal law, department of public law, faculty of law, university of Pretoria, 2017.

11- Rod A. Rastan, closing the enforcement gap: the international criminal court and national authorities, thesis submitted for the degree of doctor of philosophy in law, London school of economic and political science, University of London, 2006.


### سێیەم: پەیڕەوی بنەڕەتی دادگا و دەستووری نەتەوە یەكگرتووەكان


12- Rome statute of the International criminal court, 1998.

13- United Nations charter, 1945.



(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

چوارەم: بڕیاری دادگا نێودەوڵەتییەکان

14- international criminal court, pre- trial chamber I, situation in Libya, in the case of the prosecutor v. Saif Al-Islam Gaddafi and Abdullah Al-Senussi, number: ICC-01/11-01/11, on October 11, 2013, para 229, available at: https://www.legal-tools.org/doc/af6104/pdf/, accessed on July 7, 2020.

15- International criminal court, Pre-trial chamber II, no.: ICC-01/11-01/11, situation in Libya, in the case of the prosecutor v. Saif Al Islam Gaddafi, on September 28, 2018, para 25, available at: https://www.icc-cpi.int/CourtRecords/CR2018_04639.PDF, accessed on July 10, 2020.

16- European court of human rights, case of Nachova and others v. Bulgaria, judgement on July 6, 2005, para 113, available at: https://hudoc.echr.coe.int/eng#{%22itemid%22:[%22001-69630%22]}, accessed on July 6, 2020.

17- Inter-American Court of Human Rights, Case of Velásquez-Rodríguez v. Honduras, Judgment on July 29, 1988, para 177, available at: http://www.corteidh.or.cr/cf/Jurisprudencia2/busqueda_casos_contenciosos.cfm?lang=en, accessed on July 7, 2020.

پێنجەم: ڕاپۆرتی داواکاری گشتی دادگا

18- International criminal court, the office of the prosecutor, nineteenth report of the prosecutor of the international criminal court to the UNSC pursuant to UNSC resolution 1970 in 2011, p 2, available at: https://www.icc-cpi.int/itemsDocuments/19th-report-icc-otp-UNSC-libya-ENG.pdf , accessed on May 5, 2020.

19- international criminal court, office of the prosecutor, informal expert paper: the principle of complementarity in practice, ICC-OTP 2003, annex 4, available at: https://www.icc-cpi.int/RelatedRecords/CR2009_02250.PDF, accessed on July 7, 2020.

شەشەم: گۆڤار بە زمانی ئینگلیزی

20- Sascha Dominik Dov Bachmann and Eda Luke Nwibo, Pull and Push›- Implementing the Complementarity Principle of the Rome Statute of the ICC within the AU: Opportunities and Challenges, Brooklyn journal of international law, volume 43, issue 2, 2018.

21- Jann K. Kleffner, the impact of complementarity on national implementation of substantive international criminal law, Journal of international criminal justice 1, Oxford university press, 2003.